# بەیاننـــامەی گروپیـێك لە ڕێكخراوەكانی پشتیوان وداكۆكیكار لە مافەكانی منالاّن

**جەمـــــــاوەری كوردســـــــــــتان**
**پەرلەمـــــــانی كوردســـــــــــتان**
**كاربەدەستانی حكومەتی هەرێمی كوردستان**
**دەسەلاّتی دادوەری لە هەرێمی كوردســـــتان**

لە (9/2)دا و لەگەڵ یادكردنەوەی ساڵیادی پەسەندكردنی ڕێكەوتنامەی جیهانی مافەكانی منالاّن ، ئەوە بەبیر هەموان دێنینەوە كە لە چەند مانگی ڕابردوو چەندتاوانێكی گەورە دەرهەق بەمنالاّن لە ناوچە جیاجیاكانی عێراق وكوردستان ڕووی دا كەدیارترینیان كوشتنی (سارا)ی تەمەن یانزە ساڵ لە خانەقین و (محمد)ی تەمەن پێنج ساڵ لە دەربەندیخان و(رەییان)ی هەشت سالاّن لە مەخموور و چەندەها منالّی قوربانی دیكە كەبەشێوەیەكی زۆر نامرۆڤانەوە دڵڕەقانە گیانە پاك وبێگەردەكانیان بە كلتورو تۆڵەی دڵ ڕەقانەی كێشە سیاسی و مەزهەبی وكۆمەلاّیەتیەكان و ..........هتد سپاردوە .

لە كاتێكدا بەتوندی ئەو كارە نامرۆڤانە ئیدانە دەكەین وڕەتی دەكەینەوە ، داواكارین بكوژانیان دادگایی بكرێن .... .

لەیادی (9/2) ڕۆژی پەسندكردنی مافەكانی منالاّن لە جیهاندا داواكارین :

* یاسای پاراستنی منالاّن لە لایەن پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە پەسندبكرێت و بخرێتە بواری جێبەجێكردنەوە .
* دەسەلاّتی جێبەجێكردن و دادوەری چاودێری وردی تەواوی دامەزراوەكانی حكومەت ، حیزب ، كۆمپانیەكان....بكات ، بۆ پەیوەست بوونیان بەیاسای پاراستنی منالّ لە توندو تیژی وسەرجەم پێشێلكارییەكان كەدەرهەق بەمنالاّن دەكرێن .
* ڕاگەیاندنە حكومی و حیزبی و سەربەخۆكان هاندەربن بۆ وشیاركردنەوەی كۆمەڵ لەبارەی مافی منالاّن ونەمانی توندوتیژی بەرامبەر بەمنالاّن ...چونكە منالّ ،منالّی هەموو گەلە وهەمووش بەرپرسیارن لەپەروەردەكردنیان .
* دەسەلاّتدارانی كوردستان ، وردترو كاراتر گرنگی بە منالّ و مافەكانیان و پەروەردەكردن و پێگەیاندنیان بدات لەڕێی گرنگیدان بە دامەزراوەی تایبەتمەند بۆ كاروباری منالاّن لە هەموو بورەكانی ژیاندا .

**ماف پارێزان–رۆشنبیرانی ولاّت**
**تـــاك بەتـــاكـــی كـــۆمـــەڵ**

ئیوە باش دەزانن كەمنالّ بونەوەرێكی پاك و بێگەردە ،داهاتووی وولاّت بەدەست ئەوانەوەیە وكەسایەتی دواڕۆژن ...ئەگەر باش پەروەردەبكرێن و ڕێزیان لێبگیرێ دواڕۆژێكی ئارام و ڕێزدار لە مرۆڤەكان دێتە بوون... بۆیە داواكارین كە لەهەركوێیەك توندوتیژیتان بینی بەرامبەر بەمنالّ هەوڵ بدەن ڕێگربن و هاوكاربن بۆ نەمانی پێشێلكاری وتوندوتیژی بەرامبەر بەو مرۆڤە پاك وگەورانە ...

**دایکان باوکانی خۆشەویست**

**ئەو منالأنەی لەباوەشی گەرمی ئیوەدان تەنها منالْ و موڵکی ئیوەنین ..بۆیە بەخێوکردن و پەروەردەکردن وئاراستەکردنیان پێویستە بۆ خۆشەویستی سەرجەم گەل بێت ، بۆیە داواکارین لێتان کە بەرپرسیاریتان کاریگەرتربکەن بۆ پاراستنی مافەکانی منالأن و گوشارخستنە سەر دەسەلأتداران بۆ پاراستنیان لە هەرجێگایەك بن.**

**منالأنی خۆشەویست لە کوردستان و عێراق و جیهان**

**ڕۆژی 9/2 پەسندکردنی ڕێکەوتننامەی جیهانی مافەکانی منالأن لەگشت لایەکتان پیرۆزبێت .**

**هیوادارین ئەم یادە ببێتە یادێك کەمافەکانی منالأن لە کوردستانیشدا بێتە پەسندکردن و بەرجەستە بکرێت.**

**سلێمانی**

2007/9/2

**گروپێك لە ڕێکخراوەکانی پشتیوان وداکۆکیکار لەمافەکانی منالأن**

*ڕێکخراوی لانەی منالأنی کوردستان

*ڕێکخراوی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن

*ڕێکخراوی ستێپ

*سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالأن

*تۆڕیمافەکانی منالأن لە عێراق

*یانەی قەڵەم

*ڕێکخراوی کیدۆ

*بزاڤی بەرەو مەدەنیەت

*ماڵی ڕوناکبیری سەلام لە خانەقین